هەر کەسێک کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە ڕەت دەکرێتەوە

لە دایکی ئیمانداڕانەوە (دایکی عبد الله) عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر کەسێک کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە ڕەت دەکرێتەوە». ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «هەر یەکێک کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەت دەکرێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك شتێك یان کردەوەیەك دابهێنێت لە ئایندا کە هیچ بەڵگەیەکی قوئان وسونەتی لەسەر نەبێت ؛ ئەوا ئەو شتە یان کردەوەیە ڕەت دەکرێتەوە وخوای گەورە قبوڵی ناکات لە بکەرەکەی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66514